

## بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر:

# لە ناوەڕاستی ساڵی تازە فڕۆکەخانەی دووەمی هەولێر دەخەینەگەڕ

یەکێ لەو خۆزگانەی زۆر لەمێژە کورد خەونی پێوە دەبینێ کردنەوەی یاخود هەبوونی فڕۆکەخانەیەک بوو، ئەگەرچی کورد ساڵانێکی دوورودرێژ ئاشنایەتی لەگەڵ فڕۆکەدا هەبووە، بەڵام ئەو فڕۆکانەی کە ئاشنایەتییان لەگەڵ گەلی کورددا هەبووە، هەمیشە هاتوون خاک و ناوچەکەیان کیمیاباران و تۆپ باران کردووە، بەڵام ئەمجارەیان دوای ئازادی و پاش دەستەبەرکردنی دەسەڵاتێکی کوردی خۆمانەو ئاشنابوونمان وەک کورد لەگەڵ فڕۆکەو جۆرەکانی فڕۆکە شێوازێکی دیکەی بەخۆوەدی، لەبری تۆپ باران و کوشتن و بڕین، فڕۆکەکانی ئەمجارە خزمەتیان بە گەلی کورد گەیاند، بۆ نموونە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە چەند ساڵی رابردوودا خزمەتێکی گەورەی بەم وڵاتە کردووە، وەلێ وێڕای ئەوەی ئەم فڕۆکەخانەیە بچووک بووە لە ئاستی ئەو فڕۆکەو گەشتیارانەی کە سەردانی کوردستانیان کردووە، بەڵام کەم تا زۆر ئامانجی خۆی پێکاوە، بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی و پەرەپێدانی بواری گواستنەوە ئێستا کار لە پرۆژەیەکی گەورەی ستراتیژی دەکرێت، بە دامەزراندنی فڕۆکەخانەیەکی گەورەترو مۆدێرنتر لەوەی ئێستا هەیە، بۆ ئەم مەبەستەو زانیاری زیاتر لە بارەی فڕۆکەخانەکە بەڕێز (تاهیر هەورامی) بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆمان هاتە ئاخاوتن.

راپۆرت: توانا حەسەن



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٤ / ٤/١/٠٩ / 10:25 PM



## فرۆکەخانەیەکی مۆدێرن

**تاهیر هەورامی بەڕێوەبەری گشتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر سەبارەت بەم فرۆکەخانە نوێیە گوتی:** ئەم فرۆکەخانەیە یەکێکە لە پرۆژە گەورەو ستراتیژییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوکاتەی کە ئەم فرۆکەخانەیەی ئێستا دامەزراو کەوتە کارکردن، چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا کە گەشت و جموجۆڵی هاتووچۆکردن و گواستنەوە بەو شێوەیەی ئێستاکەبێ کە هەیە، ئەم فرۆکەخانەیە پەرەبسەنێت و ببێت بە فاکتەرێکی گرنگ لە بوژاندنەوەو بەرەوپێشبردنی ئابووری وڵاتدا، بۆیە دوای ئەوە وردە وردە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە کرا تا ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو گرفتە بدۆزرێتەوە، چونکە ئەو شوێنەی ئێستای فرۆکەخانەکە بچووکەو توانای وەرگرتنی ئەم هەموو جموجۆڵ و گواستنەوەیەی نییە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا پرۆژەیەکی نوێ دەستپێبکات، ئەویش بە فراوانکردنی ئەم فرۆکەخانەیە.

## پێشکەوتن و جمووجۆڵ

**دواتر بەڕێزیان لەبارەی شوێنی فرۆکەخانەی**



**ئێستاکە گوتی:** بێگومان ئەو فرۆکەخانەیە کە ئێستاکە هەیە توانای وەرگرتنی ئەو پێشکەوتن و جمووجۆڵ و گواستنەوەیەی نییە، کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کەوتۆتە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە کە دەستکرا بەم پرۆژەیە، پشت بەسترا بە ستانداره نێودەوڵەتییەکان و بیریش لەوە کراوەتەوە کە ئەم فرۆکەخانەیەی ئێستاکە لەژێر قۆناغی جێبەجێکردندایە، فرۆکەخانەیەک بێت لە ئاستی فرۆکەخانەکانی دیکەی جیهاندا بێت، تاکو بتوانێت بەرگەی وەرگرتنی هەموو جموجۆڵێکی گواستنەوەی هەبێت و خواستی ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەبێت هەر لەڕووی گەشتوگوزارو جمووجۆڵی بازرگانی و....هتد.

## جیاوازی فرۆکەخانەکان

**دواتر بەڕێزیان سەبارەت بە جیاوازی نێوان ئەم فرۆکەخانەی ئێستاو فرۆکەخانەی دی کە ئێستاو لەژێر قۆناغی جێبەجێکردندایە گوتی:** جیاوازی زۆریان هەیە، ئەو فڕگەیەی کە ئێستا هەمانە درێژییەکەی تەنها ٢٨٠٠ مەترە، ئەمەش وادەکات هەموو فرۆکەیەک و بەتایبەت فرۆکەی گەورە نەتوانێت بنیشێت، ئەمەش وادەکات نەتوانێت وەڵامدەرەوەی ئەو پێویستانە بێت کە هەم کۆمپانیاکان هەیانە، هەمیش ئێمە وەکو فرۆکەخانەو وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام درێژایی فڕگەی نوێ ٤٨٠٠ مەترە، کە ئەمەش یەکێکە لە درێژترین فڕگەکانی جیهان لەناوچەکەدا، بۆ ئەمەش دەبێتە ڕێگە خۆشکردن تاکو نوێترین فرۆکە بتوانێت بنیشێت و زۆربەئاسانی هەڵبستێتەوە.

## مانەوەی فرۆکەخانە

**لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بەوەی کە ئایا دوای تەواوبوونی ئەم فرۆکەخانەیە فرۆکەخانەی ئێستاش هەروەکو خۆی دەمێنێت، یاخود دەبێت بە فرۆکەخانەیەکی بازرگانی، بەڕێزیان گوتی:** نەخێر هەردووکیان دەبن بەیەک فرۆکەخانەو یەک فڕگەو یەک تاوەرو تەرمینالمان دەبێت، ئەوەی ئێستا هەمانە تەنها بینایەو شتی دیکەیە لێرەدا، بەڵام دوای تەواوبوونی فرۆکەخانە تازەکەو، پێش بەکارخستنی بڕیار لەسەر ئەم فرۆکەخانەی ئێستاکەمان دەدرێت، دوای پێشنیارو لێکۆڵینەوەی خۆمان، بڕیاری خۆمان، پێشکەش بە سەرۆکایەتی حکومەت دەکرێت، بڕیاری خۆیان لەسەربدەن، بێگومان دوای لێکۆڵینەوەکان و هەڵسەنگاندن لایەنی ئیجابی و سلبی دەردەکەوێت و دواتریش بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدرێت.

## پێکهاتەی فرۆکەخانەکە

**پاشان تاهیر هەورامی لەمەڕ تەواوی پێکهاتەی بەشەکانی فرۆکەخانەکە گوتی:** ئەو



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٥ / ٤/١/٠٩ / 10:25 PM




بەشانەی کە ئێستا هەن، تاوەرەکە کاری سەرەکی دابەزین و نیشتنەوەی فرۆکەکانە، دووتەرمینالی جیایە، واتە هی چوون و هاتن، بەشی پاسەپۆرت و بەشی ئاگر کوژێنەوەمان هەیە، بۆ ڕوودانی هەر کارێکی وەکو ئاگرکەوتنەوە گەر ڕوویداو بەشی گومرگ، هەروەها بەشی گەشتوگوزار دەگرێتەخۆ، جگە لەم بەشانەش کۆبەشەکانی کە ڕاستەوخۆ سەر بەئیدارەی فرۆکەخانەیە، وەکو بەشی گراوندە کە خزمەتی فرۆکە دەکات لە نیشتنەوەو هەڵسانی، بەشی بەنزینخانە، گروپی چاککردنەوەمان هەیە، لەگەڵ چەند بەشێکی دیکەی ئیداری.

## قۆناغەکانی کارکردن

**دواتر لەمەڕ تەواوبوونی ئەو فرۆکەخانەیەو قۆناغەکانی کارکردن بەڕێزی گوتی:** بەپێی دوا کۆبوونەوەمان کە لەگەڵ کۆمپانیای جێبەجێکەر هەمانبووە، پێیان گوتووین لە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/٣١، واتە کۆتایی ئەمساڵ پڕۆژەکە وەکو بیناسازی کارەکانی بەکۆتایی بێت، وەکو بەشەکانی تەرمیناڵ و تاوەرو فرگەو بەنزینخانە.. ئیتر کارە هونەرییەکانی دواتریش دەمێنێت پاشان دەست پێدەکات، ئینجا دەبێت کارەکانی دیکە لەڕووی ئامێرو ڕاهێنانی کادیروکارمەند ڕێکبخەین، بۆ ئەم مەبەستەش پلانێکمان هەیە بەپێی بەرنامە دامانڕشتووە، دەشتوانم بڵێم ڕەنگبێ لەناوەڕاستی ساڵی ئایندە بتوانین فرۆکەی تازە بخەینەگەڕ.

# ئەم فرۆکەخانەیە رۆڵێکی زۆرگرنگ دەبینێت نەک تەنها بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ هەموو عێراق دەبێتە دەرگایەکی گەورەی بازرگانی و گەشتوگوزاری و هاتووچۆ

## کورد و فرۆکە

**پاشان سەبارەت بەوەی ئایا تاکو ئێستا ئێمە وەکو کورد لە کوردستان فرۆکەی تایبەت بە خۆمان هەیە، بەڕێز تاهیر هەورامی گوتی:** نەخێر، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوەی من ئاگاداریم باس لەو بابەتەکراوەو لێکۆڵینەوەشی بۆ کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی تایبەت دانراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوەی کە کۆمپانیایەکی میللی فرۆکەوانی پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی بەبەشداری هەموولایەک بتوانرێت ئەو بۆشاییەی کە لە کوردستان هەیە لەم ڕووەوە پڕ بکرێتەوە، تاکو ئێمەش وەکو وەڵاتانی دیکە خاوەنی هێڵی ئاسمانی میللی نیشتمانی خۆمان ببین، بەڵام ئەوەی من ئاگادارم، کارەکانی ئەم پرۆسەیە لەسەرەتای کارەکانی دایە، بەڵام ئێستا گرنگیدانی ئێمە زیاتر تەواوکردنی ئەم فرۆکەخانە تازەیەیە، دوای تەواوکردنی ئەم فرۆکەخانەیەش بێگومان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر فاکتەری گەشتوگوزارو هاتوچۆ و بازرگانی و..هتد بەسەر کوردستاندا ڕوودەدات.

دەتوانم بڵێم فرۆکەخانەی تازە یەکێکە لە پرۆژە هەرە گەورەکانی شارستانی نەک بەتەنها لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە عێراقیش تاکە پرۆژەیەکی فرۆکەوانییە کە بەو شێوە مۆدێرنە دەستی بە کارەکانی کراوە، کە سەرجەم لایەنە هونەری و ئیداری و کارگێرییەکانی تێدا ڕەچاوکراوە، لەسەرەتای کارەکانیشیدا بیر لە ئایندە کراوەتەوە تابتوانین لەگەڵ پێشڤەچوون و گۆڕانکارییەکانی فرۆکەوانی کە لە جیهان هاتۆتەپێش سوودی لێوەربگرین، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت بۆ پێشکەوتن و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان.

ئەویش بە ڕووکردنە خەڵکی سەرمایەدارو شاندی بازرگانی یا گەشت و گوزار کە دەبێتە ئاسانکاری هاتوچۆکردنیان، بۆیە پێمانوایە ئەم فرۆکەخانەیە رۆڵێکی زۆرگرنگ دەبینێت نەک تەنها بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ هەموو عێراق دەبێتە دەرگایەکی گەورەی بازرگانی و گەشتوگوزاری و هاتووچۆ، ئێمەش دەبین بە خاڵێک لە نێوان ئاسیاو ئەوروپا، هەولێریش شوێنێکی جوگرافی شیاوی هەیە تا ئەو خزمەتە پێشکەش بکات.



أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٥٦ / ٤/١/٠٩ / 10:25 PM

## ڕێڤەبەری گشتی یی کاروبارێن ئێزیدیان:

# سەنگی کاری مە دی ل دور موکومکرنا پێکڤە ژیانا دینی و نەتەوەیی بیت



**ل دور دامەزراندنا ڕێڤەبەریا گشتی یی کاروبارێن ئێزیدیان سەرب وەزارەتا ئەوقاف و کاروبارێن ئاایینی یا حکومەتا هەرێما کوردستانی مە ب دەلیڤە زانی دیدارەکی دگەل بەرێز (خیری بوزانی) ڕێڤەبەری گشتی یی کاروبارێن ئێزیدیان بکەین و چەند پرسیارێن گرنگ ژی بکەین.**

**دیدار / حەکیم بوتانی**

*** کەنگی بریارا ڕێڤەبەریا کاروبارێن ئێزیدیان دەرکەڤتیە ؟**

- ل سالا (٢٠٠٧)ی پەرلەمانی کوردستانی بریارا دامەزراندنا ڕێڤەبەریەکا تایبەت ب کاروبارێن ئێزیدیان ڤە دەرئێخست و د ئەڤ سالە دا حکومەتا هەرێما کوردستانی ئەڤ بریار بجهـ ئینا و ڕێڤەبەریا کاروبارێن ئێزیدیان ب پراکتیک هاتە دامەزراندن و ل (٢٠٠٨/١٠/٢٣)ی بریارا من ژ ئالیی ڕێزدار سەروکی ئەنجوومەنی وەزیران، وەک ڕێڤەبەری گشتی یی کاروبارێن ئێزیدیان سەرب وەزارەتا ئەوقاف و کاروبارێن ئاایینی ڤە، دەرکەفت، و من یا دەست ب کاری کری.

*** توو چاوا پێناسا ڤی ڕێڤەبەریی دکەی؟**

- ڕێڤەبەریا گشتی یا کاروبارێن ئێزیدیان، سەرب وەزارەتا ئەوقاف و کاروبارێن ئاایینی یە، ڕێڤەبەریەکا حکومیە و هەموو کارێن خو دی د چارچوڤەیی وەزارەتی دا کەتن و بیاڤی کارێن وی هەموو دەڤەرێن ئێزیدیانە ل باشوری کوردستانی، ئەڤ ڕێڤەبەری دی پتر پووتەی دەتە لایەنێن دینی و بیاڤێن دی یێن ژیارا ئێزیدیان ژ بو خزمەتکرنا وان.

*** باشە هزرا پەیدابوونا ڤی ڕێڤەبەریی چاوا پەیدا بوو؟**

- چونکی حکومەتا هەرێما کوردستانی باوەری ب هەمە لایەنیا هزر و بیر و بو چوونان یا هەی و دەستەبەریا مافێن پێکهاتەیێن دینی و نەتەوەیی یێن کوردستانی دکەتن و هەر دەم هەول ددەت ژین و ژیارا خەلکی کوردستانی ب هەموو پێکهاتان ڤە بەرەو باشتر ببەتن و وەک مافەکی ڕەوا یی کوردێن ئێزیدی لەوا ئەڤ ڕێڤەبەریە هاتە دامەزراندن.

*** گرنگیا ڤی ڕێڤەبەریی د چی دایە؟**

- گرنگیا ڤی ڕێڤەبەریی دوی چەندێدایە کو ئێدی ژ نهـو و پاش کاروبارێن ئێزیدیان ب شێوەیەکی فەرمی و دچارچوڤی دەزگەهەکی حکومی دا دی هێنە بجهـ ئینان ودی پتر هێنە ڕێکخستن و سیستەم کرن و ب باوەریا من دی کاروبارێن وان باشتر ب ڕێڤەچن.

*** کارێن سەرەکی و بەرنامی وە دی چی بت؟**

- هەلبەت من بەرنامەک یی هەی وەک کارنامە بو ڕێڤەبەریی، لی ژ بو پتر زەنگینکرنا وی بەرنامەی ئەز د ڤان ڕوژاندا یی دیداران دگەل زەلامێن ئاایینی و ڕیهـ سپییان و ڕەوشەنبیرێن ئێزیدی دکەم ، کا چی بهێتە کرن باشە و چی ژی نە هێتە کرن .... هەتا نوکە من پێشنیارێن باش یێن وەرگرتین و پشتی ژی تەمام د بم دی وەک کارنامە پێشکێشی وەزارەتی کەم بو ڕاپەراندنا کاری ڕێڤەبەریی.

ئەز یی ڤی چەندی دکەم چونکی من باوەری یا ب کاری کومەڵ هەی نەک کاری تاک و ئەڤ چەندە دی پتر ئاسوێن کەش ل پێشیا من کەتەن.

لی سەنگا کاری ڕێڤەبەریی دی داکوکی کرن بت ل سەر پێکڤە ژیانا دینی.

## لە ساڵی تازە بەرزە پردی سەرچنار دەکرێتەوە



بەڕێز دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەوەی خستەڕوو کە لە سەرەتای ساڵی تازەدا بەرزەپردی سەرچنار دەکرێتەوە، چونکە ماوەی سێ مانگە لەوادەی خۆی دواکەوتووە ئەویش بەهۆی ئەوەی دیزاینەکە گۆڕا، هەروەها کەلوپەلەکانی لە دەرەوەی وڵات درەنگ گەیشتوون، دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بودجەی تێچووی پڕۆژەکە بریتییە لە (٨) ملیارو (٦٤٦) ملیۆن و (٦٩٠) هەزار دینارە، کۆمپانیایەکی ئێرانی بەناوی (کەتووش) ئەنجامیدەدات.

## ٤٢٠٠ قوتابی لە کۆلیژو پەیمانگاکان وەرگیران



جوان جەلال شەریف بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابییان لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری قوتابییان بەهۆی کەمی نمرەوە لە هیچ کۆلیژو پەیمانگایەک بێبەش بوون، هەربۆیە ئێستا ئەوانەی فۆرمی وەرگرتنییان پڕکردەوە کە ژمارەیان (٩٩٧٠) قوتابی بوو کە لە کۆی ئەمانە (٤٢٠٠) یان لە کۆلیژو پەیمانگاکان وەرگیران.

## سەرۆکی شارەوانی کۆیە:

# تا ئێستا ٥٠٪ی کۆیە قیڕتاو نەکراوە!!



**لەساڵی ٢٠٠٠ وە لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەرچووەو خۆی و تێکڕای ئەنجومەنی شارەوانی کە لە ١٠ کەس پێکهاتووە، تا ئێستا لەسەر کار ماون و شارەوانی کۆیە بەڕێوە دەبەن. شارۆچکەی کۆیە بەدوری ٧٣ کم کەوتۆتە باشووری رۆژهەڵاتی هەولێر و دانیشتوانی ئەو شوێنە بەدەست کەمی خزمەتگوزارییەکان دەناڵێنن ، گۆڤاری «هەرێمی کوردستان» لەم دیمانەیەیدا ئاراس حەوێز حەوێزی دەدوێنێت:**

**نزار گزالی، کۆیە**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین پارەی دابینکراو لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی ٢٠٠٨چەند بوو؟**

– پێمخۆشە ئەوە روونبکەمەوە، کە بودجەی پەرەپێدان بەهۆی ئەوەی کە شاری کۆیە لەبەرنامەی یەکبوونەوەی ئیدارەی هەولێرو سلێمانی ئیشکالێکی هەبوو، بەڵام خۆشبەختانە لە ٢٠٠٨ رێکخرا، ئێمە بەشێک لەبودجەمەکەمان لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی ئیدارەی سلێمانی بۆ تەحویل کرا پارێزگای هەولێرێ، لەوێش ژمارەیەکیان کردەوە، ١٦ ملیار لە وەجبەی یەکەم بودجەی پەرەپێدانی ٢٠٠٨ بۆ سنووری قەزای کۆیە تەرخانکرا.

*** بودجەکەتان لە چی سەرف کرد؟**

– بەسەرپەرشتی قایمقامی کۆیەو سەرپەرشتی راستەوخۆی پارێزگای هەولێر، لەگەڵ مدیر ناحییەکانی سەر بەقەزای کۆیە، دانیشتین بودجەکەمان دابەشی سەر کۆمەڵە پرۆژەیەک کرد و لە سنووری قەزای کۆیە ئەنجامدران، بەڕێوەبەری ناحییەکان و شارەوانیەکانیان، پێداویستییەکانیان خستەڕوو، بەڵام وەکو شارەوانی کۆیە لەگەڵ جەنابی قەیمقام کۆمەڵێک پرۆژەمان دیاری کرد کە پێکهاتبوون، لە خزمەتگوزاری گەڕەکەکان لەبەرئەوەی کۆیە یەکێک لەو شارۆچکانەیە، کە لەکاتی رژێم هیچ پرۆژەیەکی خزمەت گوزاری بۆ نەکرابوو، بۆیە کارەکانمان دوو بەشە بەشێکی نوێکردنەوەی گەڕەکە کۆنەکان، بەشەکەی دیکەشی لە گەڕەکە تازەکانە، چونکە لەدوای هەڵبژاردنمان ئێمە پارچە زەوییەکی زۆرمان دابەشکردووە، گەڕەکی زۆر دروستکراوە، کۆیە جاران گەر ٦ گەڕەک بووبێت، ئێستا رەنگە بوو بێتە ٣٦ گەڕەک، بۆیە بەشێکی زۆری بودجەکەمان لە ئاوەڕۆو دانانی کربستۆن و تێکەڵەکردن و کۆنکریت کردن و قیرتاوکردنی شەقامەکان سەرفکرد. هەروەها چاکردنەوەو رێکخستنی باخچەکان، لایەنێکی دیکە دروستکردنی رێگەیە، چونکە رێژەی ئۆتۆمبێل گەلێک زۆربووە، لە بەرنارمەشماشمان دایە رێگەیەک دروستبکەین بۆ خارجی کۆیە کە لەبەرنامەیە و لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەرنامەی بۆ دانراوەو لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی کۆیە جێبەجێدەکرێت.

*** ئەوەی کە لەخەڵک گوێبیستی بووینە دەڵێن گەورەترین کێشە لە کۆیە کێشەی تەجاوزاتە، تەجاوزات زۆرە و بەردەوامیشە؟ ئایا ئەمە بۆ؟**

– دەتوانم بڵێم تەجاوزات لە چاو پێشتر زۆر کەمتر بۆتەوە، تەجاوزات پێتخۆش بێ یان پێتناخۆش کە کۆیە هەموو گوندەکانی دەورووبەری لە کاتی ئەنفال و دەربەدەری هەموویان هاتنە کۆیە، ئەو کاتیش کە حکومەتی بەعس زەوی دابەش نەکردووە، ئەوانە لە ٣- ٤ شوێن کۆبوونەتەوە، خانوویان دروستکردووە، ئێمە وەکو شارەوانی کە دەستمان بە دابەشکردنی زەوی کرد هەڵساین حەلقەمان دروستکرد، لە هەر شوێنێکی کە تەجاوز هەبوو لەدوای ئەوان تەوزیعمان دەکرد، بۆ نموونە لە ئازادی تەجاوز هەبوو ئێمە دوایی گەڕەکی ئازادیمان هەموو دابەشکرد، ئەوەی کە ماویشە رەنگە لەناو کەلەنەکان یان لە ناو خودی گەڕەکەکان مابێت، بەڵام خۆشتان دەزانن بە حوکمی دۆخە ناوخۆییەکان بەهۆی شەڕی ناوخۆ لە وانەیە تەجاوز کرابێت، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆر کەمبۆتەوە بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو.

*** بەڵام تا ئێستاش وەک لە قسەکانت بەدیاردەکەوێت تەجاوزات تاڕادەیەک هەر بەردەوامە، ئەمە بۆ؟**

– وەڵاهی بەردەوامییەکەی چۆنە، ئێستاش هەموو گوندەکان دێنەوە شاری، کاکە کۆچی گوندەکان بۆ شار یەک لەو دۆخە ناخۆشانەی خۆمانە کە دروستبووە، بۆ نموونە زۆربەی گوندەکان هەیە کابرا لە گوند نەماوەو هاتۆتە شار، جا لەشار ئەگەر کابرا ئیمکانییاتی هەبێت، ئەوە بە تاپۆ خانوو دروستدەکات و زەوی دەکرێت کە ئێستا زەوی لە کۆیە زۆر هەرزان بووە، بەڵام ئەگەر نەیبێت دەبینی لە تەنیشت خانوەکەی خۆی کابرا ئەگەر کاتی ٢٠٠ مەتری هەبووبێت ئەوە لە تەنیشت ئەو ٣٠٠ مەتردا دەبڕێت و دەیکاتە خانوو، یانماڵێکە دەیکاتە دوو ماڵ.

دووەم حوکمی شەڕی ناوخۆی کە لەکوردستان بوو بە حکومی زروفی سیاسی ئەوکات کە کۆیە بووبووە مەرکەزێک لە نێوان هەولێرو سلێمانی، دەتوانم بڵێم لەناو کۆیە ئەگەر بۆ خۆی ٢٠ هەزار بوایە ٦٠ هەزاری دیکەی بۆ هاتبوو، نەک بە شێوەیەکی دیکە تێبگەن بڵێین کۆیبیەکییەکەی خۆی، بەڵکو دوو ئەوەندە سێ ئەوەندەی خەڵکی کۆیە، خەڵکی شوێنەکانی دیکە هات وەکو هەولێرو بادینان و شوێنەکانی دی بەحوکمی زروفی سیاسی هات لە کۆیە ماوە، ئەوانەش هەموویان پێویستیان بە خانوو ماڵ و حەوانەوە بوو، رەنگە خانووێک دەبووە دوو خانوو و تەجاوزات پەیدابوو، ئەمەش دەوری هەبوو، بۆ نموونە من سەرۆکی شارەوانی بوومە کە شەڕی ناوخۆو شەڕی پەکەکە لە گۆڕێ بوو لەوانە بوو کەس



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٨ / ٤/١/٠٩ / 10:25 PM

گوێی لە شارەوانی و تەجاوزات و یاسا نەدەگرت، بەڵام دەتوانم بڵێم ساڵ بەساڵ بەرەو باشتر دەڕوات. زیاتر حکومەت و یاسا سەروەر دەبێت. جاران بە حوکمی شەڕو سیاسەت کابرا لە هەولێری بوو خوا خوای بوو بگاتە ئێرە بە حوکمی سیاسەت کە عاردی بۆ خۆی داگیردەکرد دەیانگوت لێیگەڕێ ئەوە لێقەوماوەو ئاوەرەیە، کەچی ئاوەرە لە کوردستان نییە، بەڵکو تۆ ئەگەر لە وڵاتێک بچیتە وڵاتێکی دیکە ئەوە ئاوەرەیە، بەڵام ئەو زروفەی رابردوو ئاسانکاری بۆ خەڵکی کرد.

*** هەریەکێک دێتە کۆیە هەست بەوەدەکات فراوانبوونەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بووە، شوێنەکە ماستەر پلانی نییە، گوتمان هۆکارەکانی ئەوانە بوو کە لە سەروە ئاماژەت پێدان، بەڵام ئێستا بەرنامە چییە بۆ رێگە گرتن لەبەر دەم ئەم بێ سەرووبەرییە؟**

– زۆرینەی شارەکانی کوردستان ماستەرپلانی پلانی نییە، بەڵام ئێمە بە پێی تواناکانی خۆمان هەندێک شتمان کردووە، بۆ نموونە زانکۆمان دروستکردووە، هەوڵمانداوە دەوروبەری زانکۆ نەکرێتە خانوو نەوەک زانکۆ گەورەتر بێت، بۆیە داوامان کردووە، ماستەر پلان بۆ کۆیەش دروستبکرێت. تا بتوانین بە پێی پلانی دیارکراو کار بکەین.

*** باس لەوە دەکرێت کە شارەوانی کەم تەرخەمە لەڕووی دابینکردنی ئۆتۆمبێلی زبڵ هەڵگر و هەندێک لە گەڕەکەکان باس لەوەدەکەن کە سێ رۆژ جارێک ئۆتۆمبێلی زبڵ هەڵگرتنیان بۆ ناچێت، هۆکاری ئەمە چییە؟**

– کۆیە رۆژبەڕۆژ لە فراوانبووندایە ئێمە ٦ تراکتۆرمان هەیە لەگەڵ ٥ کەبس کە دوویان کۆنن بەهەموو کۆیە، ئەو ئامێرانە زیاتر لە ٨ ساڵە کاردەکەن، هەروەها تراکتۆر حەل نییە بۆ کێشەکە، ئێمە داوامان کردووە یاخود ئەوەیە وەکو هەولێر و شارەکان بە کرێی بدەین و بیدەینە کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی ئەوان کاری پاککردنەوە بکەن و ئێمە دەوری سەرپەرشتکار ببینین، چونکە ئامێرەکانمان کۆنن، هەندێکیان ئەگەر بەهۆی ناعیلاجی نەبێت هی ئەوەیە بیکەیتە سیکراب، بە شوفێرەکانیانیشەوە، چونکە ئەوانیش ئیختیار بوونە، هەروەها پاکەوانمان کەمە تەنانەت ١٠-١٥ پاکەوانی عارەبمان هێناوە کە کاریان پێدەکەین، ئەویش دەتوانم بلێم لە رێنمایەکانمان لاداوە بەهێنانیان، بەڵام ئەگەر ئەوان نەبن وەزعمان لەوەش خراپتر دەبێت، لایەنی دووەمیش بە زیادکردنی پاککەرەوەو شۆفێرو کرێکارو ئامێری پاکردنەوە.

*** لە کۆیە ئەوە بەدی دەکرێت کە زۆرینەی رێگەو بانەکانی قیرتاو نەکراون، لەلایەکی دیکە ئەوانەی کە قیرتاو کراوە بەس رووکاری دەرەکییەو کە دەچیتە نێو شوێنەکان دەبینی نە کۆڵانەکان قیڕتاو کراون، تەنانەت ئەو رێگەیەی کە بۆ بەردەمم شارەوانی دێت قیرتاو نەکراوە، ئەمە بۆ؟**

–ئەمە وەکو باسمکرد مەسەلەی بودجەیە، ئێمە دوو ساڵ بوو بودجەی پەرەپێدانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ بۆمان ساغ نەبووەوە دەتوانم بڵێم یەک پڕۆژەمان لە کۆیە وەکو پێویست جێبەجێنەکرابوو، تەنها لە ٢٠٠٧ نەبێت کە سێ پڕۆژەمان لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاری هەولێر وەرگرتبوو، ئەگینا ئێمە بودجەمان زۆر کەمە، ئەمساڵ و بودجەمەکەمان وەرگرتووە کۆمەڵێک پڕۆژەمان کردووە، بەڵام پێڕاناگەی زیادبوون و فراوانبوونی کۆیە پێویستی زۆر لەوەی زیاترە کە تۆ تەسەوری دەکەیت، بەڵام ئەگەر بە تێکەڵەش بێت ئێمە هەوڵمانداوە تۆزێک لە تۆزو قوڕ کەم بکەینەوە.

*** سەدا چەندی کۆیە قیڕتاو نەکراوە؟**

– ئەگەر بەگەڕەکە نوێیەکانیشییەوە بڵێیت سەدا پەنجای قیڕتاو نەکراوە، بودجە نییە، بۆیە تەنها توانیومانە رێگەو بانە سەرەکییەکان قیڕتاو بکەین، ١٦ ملیارمان هەیە بەناوەندی قەزاو بەناحییەکانەوە، ئیدی هەر ئەوەندەمان بۆ کراوە. بودجەکە بەش ناکات.

*** بەرنامەی ئایندەتان یاخود خەڵکی کۆیە لە داهاتوودا چاوەڕوانی چی بکەن؟**

– ئێمە لەڕێگەی قایمقامییەتی قەزای کۆیە کۆمەڵێک پرۆژەمان پێشنیارکردووە بۆ پاریزگای هەولێر لەگەڵ رەزامەندی کردن لەسەر ئەو پرۆژانە ئێمەش خزمەتگوزارییەکان دەخەینەڕوو کە پڕۆژە پێشنیارکراوەکانیش بەم شێوەیەن:

١- دروستکردنی دووسایدی رێگەی کۆیە- دەشتی کۆیە........ بەگوژمەی ١ ملیار دینار

٢- دروستکردنی رێگەی ٦٠ مەتری تۆپزاوە- هەواوان بەگوژمەی ٤ ملیار دینار.

٣- فراوانکردنی شەقامی حاجی قادر-تاهیر تۆفیق بەگوژمەی ١،٥ ملیار دینار.

٤- دروستکردنی پارکێکی گەورە لە کۆیە بەگوژمەی ١،٥ ملیار دینار.

٥- دروستکردنی یاریگایەکی بچوک لە حەمامۆک بەگوژمەی٢ سەد ملیۆن دینار.

٦- دروستکردنی دوو باخچەی ساوایان بەگوژمەی ١ ملیار دینار.

٧- کۆمەڵێک پڕۆژەی خزمەتگوزاری و چاککردنەوەی کێشەی کارەباو لایەنی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و تاد بەگوژمەی ٦ ملیار و ١٧٥ ملیۆن دینار.

٨- دروستکردنی کۆمەڵگەی فەرمانگەکان بەگوژمەی ١ ملیار دینار.

٩- دروستکردنی رێگەی کانی سۆرک-کێلە خوارە بەگوژمەی ٥ سەد ملیۆن دینار.

١٠- دابینکردنی کارەبا بۆ سێگردکان بە گوژمەی ١ ملیار دینار.

١١- دروستکردنی قوتابخانەیەکی (١٢) پۆلی بۆ سێگردکان بەگوژمەی ٨ سەد ملیۆن دینار.

١٢- دروستکردنی قوتابخانەیەکی (١٢) پۆلی بۆ سکتان بەگوژمەی ٨ سەد ملیۆن دینار.

١٣- دروستکردنی قوتابخانەیەکی (١٨) پۆلی بۆ تەق تەق بەگوژمەی ٢،١ ملیار دینار.

١٤- چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی کلێسە بەگوژمەی ١ ملیار دینار.

١٥- رێگەی هەولێر - بەگوژمەی ٣ ملیار دینار.

ئەم پرۆژانە هەموویان گرنگن و چاوەڕێی رەزامەندییان دەکەین و لەگەڵ رەزامەندی وەرگرتن بۆ خەڵکی کۆیە.





أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٩ / ٤/١/٠٩ / 10:25 PM

# راستە نرخی خانوو زەوی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە؟!

**ئەگەر چاوێک بەنووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانوو زەوی بخشێنین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە نرخەکانیان بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیووە ئەوەتا بەڕێز(سەردار عەبدوڵلا کاوانی) خاوەنی نووسینگەی کاوانی کەماوەی (١٥) ساڵە ئەو کارە دەکات گوتی: لە راستیدا نرخی خانوو زەوی بەشێوەیەکی گشتی دابەزیوە، هۆیەکەشی بۆ پێدانی سلفەی عەقار دەگەڕێتەوە، هەرچەندە پێشتر چارچە زەوی نرخەکەی گران بوو، بەڵام هەر کە مۆڵەتی پێدانی دروستکردنی زەوی (١٠٠) مەتری ڕاگیرا بووە هۆی دابەزینی نرخی زەوی، هەروەها مەسەلەی دابەشکردنی شوققەکانیش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر دابەزینی نرخەکان، کاک سەردار لەبارەی کاریگەری سلفەی عەقارەوەش گوتی: ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەو سوودە لە پێدانی سلفەکە لاببات ئەوا خەڵکێکی زۆر وەریدەگرێت، ئەوا بێگومان نرخی زەویش بەرز دەبێتەوە.**

**راپۆرت و وێنە: ئەحمەد سەرهەنگ**



**لەبانکی خانووبەرەی هەولێر**

**لەلایەکی دیکەوە خاتوو(سەباحەت حەمەد تاهیر) بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی هەولێر لەبارەی پێدانی سلفەی عەقار بەهاووڵاتییان و ئەو ٢٪ سوودەوە گوتی:** تا ئێستا سوودەکە ماوە، بەڵام ناوەکەیان کردووە بەخەرجیەکانی کارگێڕی، **هەر بۆیە بەڕێزیان ئاماژەی بەوەشکرد** کەتا ئێستا نزیکەی (٢٥٠) هاووڵاتی ئەو سلفەیان لەلای ئێمە وەرگرتووە، خۆ ئەگەر مەسەلەی ئەو ٢٪ سوود نەبوایە رەنگە رێژەیەکی زیاتر ئەوسلفەیەی وەربگرتایە، چونکە خەڵکێکی زۆر بێ خانووە و لە هەلێکی وادەگەڕێن کە خۆی لە ژیانی کرێچیەتی رزگار بکەن.

**نرخی پێداویستییەکانی خانوو**

بەمەبەستی پتر دەوڵەمەنکردنی راپۆرتەکەمان حەزمانکرد نرخی پێداویستییەکانی دروستکردنی خانووبەرە بزانین و ئاشنای نرخەکانیان بین، **ئەوە بوو بەڕێز (فایەق ئیبراهیم عەلی) خاوەنی کارگەی بلۆکی سروود گوتی:** نرخی چیمەنتۆ و بلۆک و شیش لە چاو پێشان زۆر دابەزیووە، چونکە جاران یەک تەن چیمەنتۆ بە(٢٢٠) دۆلار بوو، کەچی ئێستا بە (١٧٠) دۆلارە، واتا (٥٠) دۆلار فەرقی کردووە، ئەو رێژەیەش یەکجار زۆرە، هەروەها جاران یەک تەن شیش بە (١٣) وەرەقە بوو، بەڵام ئێستا بە (٥) وەرەقەو نیوە واتا (٧) وەرەقەونیو دابەزیووە، پێداویستییەکانی دیکەش بەهەمان شێوە، دیارە هەموو ئەمانەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێستا وەرزی زستانە و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بەرێژەیەکی کەم ئەنجام دەدرێن، پاشان سلفەی عەقار بەشێوەیەکی خێرا و رێکوپێک بەسەر هاووڵاتییان دابەشکرا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کرین و فرۆشتن.

**هاووڵاتییان و دروستکردنی خانووبەرە**

**هاووڵاتییان زۆر بەڕاشکاوی لەومەسەلەیە دوان و یەکێک لەوانە بەناوی (تەها مەحمود) گوتی:** من خۆم هەندێک پارەم کۆکردبەوە و پارچە زەوییەکیشم هەبوو، بۆیە بەناچاری سلفەکەم وەرگرت تا خۆم لە ژیانی کرێچیەتی رزگاربکەم کە ساڵانێکی زۆرە پێیەوە دەتلێمەوە.

**هاووڵاتییەکی دیکە بەناوی (فەتاح عەبدوڵلا) گوتی:** زۆر ژیانم ناخۆشە لە تاقە ژوورێک دەژیم و مانگی (١٥٠) هەزاریش دەدەم، چونکە هەر جارەی بیانوویەک دەدۆزنەوە، جارێک فائیدە وەردەگرن، جارێک مۆڵەتی دروستکردن نادەن، بۆیە سەرمان لێ شێوایە، بۆیە هیواداریین حکومەت ئاوڕێکی دلسۆزانەمان لێ بداتەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش وەک مرۆڤ لە خانووی خۆمان بژین.



سەردار عەبدوڵلا



سەباحەت حەمەد تاهیر



فایەق ئیبراهیم



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٦٠ / ٤/١/٠٩ / 10:25 PM

# هۆکارەکانی پشتکردنە کتێب و خوێندنەوە

**سەیفەدین پیربال**

کتێب یەکێکە لە هاورێ و برادەرە هەرە نزیکەکانی مرۆڤ، بەتایبەتیش قوتابی و خوێندکار، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەم هاورێیەتییە لەلای زۆربەیان خەریکە بەرەو کزی دەچێت و کەسیش نییە ئاشتیان بکاتەوە، بەدەر لەوەی ئێمە دەزانین کتێب گەورەترین و مەزنترین سەرچاوەی ئەفراندن و داهێنانە و هەموو جۆرە زانست و زانیارییەکی کۆن و نوێی تێدا هەڵقولاوە، دیارە بۆ ئەمەشیان کۆمەڵێک هۆکار هەنە دەکرێ لەو کورتە نووسینەدا رۆشنایەکی کورتی بخەینە سەر کە یەکەمیان بوونی ئەو سەتەلایتەیە کە زۆرێک لەتوێژی قوتابییان و ئەهلی عیلم و زانستی بەلای خۆی راکێشاوە و تا درەنگی شەو کاتەکانیان لێ زەوت دەکات و ماوەی ئەوەیان بۆ ناهێڵێتەوە کە روو لە کتێبەکانیان بکەن و چەند لاپەرەیەکی بخوێننەوە، هۆکاری دووەمیشیان دیسانەوە بۆ خۆخەریک کردن بە ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە، ئەوەشیان لایەنێکی سوود بەخشی زۆری تێدایە بەمەرجێک ئەو توێژە لایەنە خراپ و نێگەتیفەکەی بەکارنەهێنن وەک لای زۆرینەی گەنجەکانمان باوە و بەشێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی کاری لەسەر دەکرێت.

هەر لێرەوە حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە بەشێکی دیکەی قوتابییان و خوێندکاران هەموو ژیانی خۆیان بۆ کاری حزبی و رێکخراوەیی تەرخانکردووە بەشێوەیەک نەیانتوانیوە بەرنامەیەک بۆ ژیانی رۆژانەی خۆیان دابرێژن و پێیان وایە هەموو ئاوات و ژیانی داهاتوویان بەو چەشنە دابین دەبێت، بۆیە دەکرێ ئەو بەرێزانە لەسەرەتادا داهاتوویەکی گەش بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان دابین بکەن، ئینجا بەدوای شتەکانی دیکە بگەڕێن بۆ ئەوەی هیچ لایەک بەقوربانی لایەکەی دیکە نەبێت، پاشان حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندارەکان دەبێ پتر لە جاران باڵی رەحمەت بۆ نەوەکانی داهاتوو بکاتەوە و پێداویستییە سەرەکییەکانیان بۆ فەراهەم بکات بۆ ئەوەی بتوانن داهێنان بهێننەکایەوە و پتر لەگەڵ کتێب و دنیای زانست ئاوێتە بن.

# کەی مۆزەخانەی نیشتیمانی سلێمانی تەواو دەبێت؟!

**ئا: ئاوات مەحمود /سلێمانی**

ماوەیەک لەمەوبەر لەسەر داوای چەند هونەرمەندێکی کورد و فەرەنسی بڕیاردرا بە بنیاتنانی پڕۆژەیەکی زۆر گرنگ بەناوی (مۆزەخانەی نیشتیمانی کوردستان لە سلێمانی) جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی جوانیەک بە شارەکە ببەخشێت، ئەوە بوو بڕە پارەی تەرخانکراوی پێویست بۆی دابین کراو درا بە (کۆمپانیای خالید ئەحمەد) بۆ جێبەجێ کردنی کە ماوەی تەواو بوونی پڕۆژەکە دووساڵ بوو، بەڵام ئەوا سێ ساڵ ونیو بەسەر وادەی تەواوبوونی پڕۆژەکەدا تێپەڕی و کۆمپانیای ناوبراو هێشتا نەک هەر تەواوی نەکردووە، بەڵکو کاریشی تێدا راگیراوە و لە ئێستادا هیچ کارێکی تێدا ناکرێت و هەروەکو لەوێنەکاندا دیارە، ئەو کارەشی کە تێداکراوە کارێکی زۆر خراپ بووە هەمووی تێکچۆتەوە، هەروەکو دیوی دەرەوەی پڕۆژەکە ئەو خشتەی کە پێی روپۆش کراوە هەمووی بەرەبەرە بەری داوە، ئەم مۆزەخانەیە لەلایەن ئەنستیۆتی فەرەنسی کوردی دوای تەواوبوونی بەڕێوەدەبرێت، هونەرمەند(رێبوار سەعید) سەرۆکی بۆردی بەڕێوەبردنی مۆزەخانەکە گوتی جێگای داخە کەئەم پڕۆژەیە ئاوای لێدەکرێت و کەسیش نییە لێی بپرسێتەوە، بۆیە ئەگەر ئاوا بڕوات چەندین رێگا هەیە ئەیگرینەبەر و پەنابردن بۆ رێکخراوەکانی فەرەنسی و نێودەوڵەتی، بۆیە ئێمەش هیوادارین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەزوویی لەم دواکەوتنە بپرسێتەوە و ئەم پڕۆژەیە کە بەبێ نازترین پڕۆژە ناودەبرێت چیتر ئاوای لێ نەکرێت.



لێرەوە دەڵێم



ئازاد هەینی

# لەیلاش خۆی کوشت

کە بیستم لەیلا خۆی کوشت، تاسام، بەڵام ئەم هەواڵانە هێندە زۆرن لای ئێمە خەریکە دەبێتە دیاردە، ئیدی وامزانی لەیلایەکی دیکەشمان لەدەستچوو، هەرچەندە هیچ جیاوازییەک لە نێوان لەیلایەکاندا نییە، بەڵام کە زانیم لەیلا سوری بێژەرە، دوو جاری دی تاسام و رامام، چونکە هەتا ئێستا هێندەی من ئاگادارم زۆربەی ئەو ئافرەتانەی خۆیان دەکوژن بە هەر رێگەیەک و لەبەر هەر هۆیەک بێ، نەخوێندەوارن یان لە دەورووبەری خێزانێکی ناوشیار دەژین، بەڵام کە دەبینم لەیلای بێژەر خۆی دەکوژێ، کۆمەڵێ پرسیارو گومان دروستدەبێ، بۆچی ئافرەتێکی رۆشنبیرو خاوەنی پلەو شەهادەو بەڕێوەبەری خانەیەکی پڕ چالاکی منداڵان خۆی دەکوژێ..؟! دیارە دەبێ رووداوێک هەبێ لەوە گەورەتربێ کە من بیری لێدەکەمەوە، یان دەبێ رەوشی ئافرەت لێرە بە تەواوی روو لە تێکچوون بێ، یان دەبێ ئەم پرۆسەیە ببێتە جۆرێک لە چاولێکەریی، لەیلا خۆی سەدان جار لە تەلەڤزیۆن هەواڵی جەگڕی کوشتنی ئافرەتی پێگەیاندووین، خۆشی لە ئێمە زیاتر داخی بۆ هەر ئافرەتێک خواردووە کە خۆی سووتاندووە یان خنکاندووە، ئەدی بۆچی خۆشی کەوتە ناو ئەو تەڵەوە، ئەوەش پرسیارە گرنگەکەیە لەیلا خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندبوو لە بواری بێژەری و کاری رۆژنامەنووسی و یەکێک بووە لە بێژەرە زۆر چالاک و سەرکەوتووەکان لە بواری پەروەردەی منداڵانیشدا، دایەنێکی لێهاتوو بوو بۆیە وەزارەتی رۆشنبیری بە شایەنی ئەوەی زانیبوو بیکا بە بەڕێوەبەری خانەی سمۆرە، لەوێشدا جێی پەنجەی هەر زوو بەدیار کەوت، چونکە بەڕێوەبەرێتییەکەی چالاک بوو پەرێشانی و نیگەرانیم بۆ کۆستی ئەو ئازیزەو سەبووریش بۆ کەسوکاری، دووبارەش دەڵێم ئەمەش زەنگێکی خەتەرناکی دی بووە، بۆ رەوشی ئافرەتانی ئێمە.



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٦١ / ٤/١/٠٩ / 10:25 PM

# ( ) لە ئامەد

**بەشی یەکەم**

**هێمن کەریم مام ڕەش/ ئامەد**

لەناوەراستی مانگی ئایاری ٢٠٠٨، لەگەشتی دووەمم بۆ شاری (ئامەد- دیاربەکر) لەگەڵ هاوسەفەرەکانم بڕیارماندا چەند ناوەندێکی رۆشنبیری و هونەری ئەوشارە بەسەر بکەینەوە، ئەگەر چاوساغی برادەرانی نووسینگەی (ئامەد)ی کوردستان تی ڤی نەبووایە کارەکەمان ئەوەندە ئاسان نەدەبوو، ئەوان زۆر بە ئێمەوە ماندوو بوون، هەر ئەو رۆژە سەنتەری رۆشنبیری و هونەری (دیجلە وفورات) و (ماڵی دەنگبێژان) یان بۆ دەستنیشانکردین، ئێوارەی ئەو رۆژە یەکەم وێستگەی سەردانەکەمان سەنتەری رۆشنبیری و هونەری دیجلە و فورات بوو، ئەو سەنتەرە دەکەوێتە نزیک بازاڕی قەیسەری شاری ئامەد، لەکۆشکێکی کۆنی دوو نهۆمیە، بەڵام تا رادەیەک فراوانە، حەوشەی کۆشک کراوە بە کافتریا، شوێنی یەکتر بینین و پشوودانی ئەو کەسانەیە کە لەوێدا کاردەکەن یان سەردانی دەکەن، لەگەڵ گەیشتنمان بەو شوێنە پێشوازیەکی گەرمان لێکرا، ئەوان زۆر دڵخۆشبوون بەو بەسەرکردنەوەیەی ئێمە، کۆمەڵێک کوڕ و کچ لە کافتریاکەدا دانشتبوون، دوای پشوویەکی کورت، یەکەبەیەکە بەش و شوێنەجیاجیاکانی ئەو سەنتەرەمان بەسەرکردەوە، بەشەکانی (مۆسیقا، شانۆ، شێوەکاری، هەڵپەرکێ، پەیکەرسازی، هۆڵی کۆڕو کۆبوونەوەکان)ی تێدابوو، ئەوکاتەی ئێمە چووین بەشی مۆسیقا خەریکی پرۆڤە بوون، دوای سڵاو و یەکترناسین ئەوان بە مۆسیقا و گوتنی سروودە نیشتیمانییەکان و ئێمەش بە هەڵپەرکێ لەسەر شێوازی ئەوان کاتێکی خۆشمان بەرێکرد، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە پێی گوتم"بە بەردەوام خولی راهێنانمان لە هەموو بوارەکاندا هەیە، ساڵانەش بەشداری هەموو فیستیڤاڵەکانی ئامەد و شارەکانی دیکەش دەکەین کە بانگهێشتمان دەکەن، توانیومانە بەرهەمی باش و بەپێز پێشکەش بکەین "

ئەو ئامانجی سەرەکی سەنتەرەکەیانی گێڕایەوە بۆ زیندوو راگرتنی کەلتوور و هونەری کوردی و پاراستنیان لە ئەگەری لەناوچوون و راهێنانی نەوەی نوێ بۆ بەردەوام بوون لەسەر پەرەپێدانی کەلتوور و هونەری کوردی .

(جیهان عیزەدین) ی پەیامنێری کوردستان تی ڤی ئاشکرای کرد کە ئەو سەنتەرە هەمیشە جێگای کۆبوونەوەی هونەرمەندان و رۆشنبیرانە، لە گفتوگۆشماندا لەگەڵ چەند هونەرمەند و گەنجێکی ناو سەنتەرەکە ئاواتی ئەوەیان دەخواست هەماهەنگییەک هەبێت لە نێوان ئەوان و وەزارەتی رۆشنبیری و هونەرمەندان و ناوەندە رۆشنبیرییەکانی باشووری کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن، بەرهەمەکانی خۆیان لە شارە جیاجیاکاندا نمایش بکەن و بەشداری فیستیڤاڵە هونەری و ئەدەبیەکان بکەن.





دەبوو هەر ئەو رۆژە بچینە (ماڵی دەنگبێژان)یش کە دەنگبێژانی ئامەد و دەوروبەری دێنە ئەو ماڵە، بۆیە دوای گرتنی چەند وێنەیەکی یادگاری لە حەوشەی سەنتەرەکە، لەگەڵ هاوڕێیان و هاوسەفەرەکانم ئەوێمان جێهێشت و بەرەو ماڵی دەنگبێژان بەڕێکەوتین.

ئێمە شوێنەکەمان پێنەدەزانی بۆیە هاوڕێیانمان (جیهان و کالی و بەفرین) لە نووسینگەی(ئامەد) ی کوردستان تی ڤی وەک چاوساغی ئێمە بوون، من وامزانی جارێکی دی بە ئۆتۆمبێل دەڕۆین کەچی ڕوویانکردە کۆڵانەکانی شەقامی ئەو بەری سەنتەری دیجلەو فورات، دوای رۆیشتن و سوڕانەوە لەچەند کۆڵانێکی تەسک و کۆن لەدەرگایەکی داری دوو دەری چووینە ژوورەوە، بینیمان خانوویەکی کۆنی تازە نۆژەنکراوەیە لەسەر هەمان شێوازی کۆنی خۆی، رووبەرەکەی نزیکەی ٥٠٠ مەتر دووجا دەبێت، ماڵی دەنگبێژان دەکەوێتە کۆڵانی (مەلیک ئەحمەد)تەنیشت مزگەوتی (بەهرام پاشا)، وەک لەسەر یەکێک لە تابلۆ نووسراوەکانی بەردەرگا ئاماژەی پێدراوە "ماڵی دەنگبێژان لە ٣٠ ی مانگی گوڵانی ٢٠٠٧ لە لایەن سەرۆکی شارەوانی ئامەد (عوسمان بایدەمیر)و بەبەشداری سەدان کەس کراوەتەوە، ئەم ماڵە لەسەر ئەرکی سەرۆکایەتی شارەوانی ئاوەدانکراوەتەوە، شوێنەکە پێشتر خانووی میرانی ئامەدبووەو بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش بە شارەوانی گەورەی ئامەد کراوە"

یەکێک لە رۆژنامەنووسانی هاوڕێم کە خەڵکی ئامەدە بۆی باسکردم کردنەوەی ئەم ماڵە بۆ دەنگبێژان لەسەرداوای یەکێتی ئەوروپابوو بە هاوکاری شارەوانی گەورەی ئامەد و وەزارەتی رۆشنبیری تورکیا، ئەو پێی وابوو کە رەزامەندی دەوڵەت لەسەر کردنەوەی ماڵی دەنگبێژان بۆ خۆ نزیککردنەوەبێ لە یەکێتی ئەوروپا، بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دواییدا.

لەگەڵ چوونە ژوورەوەمان بینیمان ژمارەیەک خەڵک لە منداڵ و گەنج و پیر بەهەردوو رەگەزەوە، بەدەوری ئەو مێزانە دانیشتبوون کە لەناو حەوشە فراوانەکەی ماڵی دەنگبێژان دانرابوون و شێوەی کافتریایەکی ئێوارانی نیشاندەدا، بەشێک لە ئامادەبووان ئەو دەنگبێژانە بوون کە ئێواران بۆ چڕینی گۆرانی و لاوک و بەرهەمە فۆلکلۆری و رەسەنەکانی کوردو گێڕانەوەی داستانە ئەڤینداری و شۆڕشگێرییەکان لەوێدا کۆدەبنەوە، زیاتر ئەو دەنگبێژانەن کە بەتەمەنن و شارەزاییان لە گوتنی گۆرانی فۆلکلۆری و لاوک و بەستەو لاواندنەوە هەیە، ئەوانیتریش تێکەڵبوون لە خەڵکی ئامەد و گەشتیاران و هونەرمەندان و رۆشنبیران، پێدەچوو پێشتر پێیانڕاگەیانرابێ کە ئێمە سەردانیان دەکەین بۆیە کە گەیشتینە ئەوێ هەرلە دوورەوە زۆر بەگەرمی گوتیان" سەرسەری مە هاتن هەڤاڵێن باشووری، بخێرو سلامەت هاتن، ئەم ل بەندا هەوە بووین، پر پر کەیخۆشبووین بدیتنا هەوە" ئێمەش دڵخۆشتر بووین بەو پێشوازیە گەرمەی ئەوان و هەستمان بە نزیکییەکی زۆرکرد، دوای گفتوگۆ و پرسینی هەواڵی شارەکانی هەرێمی کوردستان و ژیانی خەڵک و وەڵامدانەوەی ئێمە بۆ ئەوان، بەیاوەری یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ماڵەکە گەشتێکمان بەناو ژوور و نهۆمەکانیدا کرد.



أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٦٢ / ٤/١/٠٩ / 10:25 PM